# ئینسکلۆپیدیای کوردی
# لە نێوان زمانی خێڵ و زمانی نەتەوەدا

ئیبراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

بەڕێزێک بە ناوی ڕێناس نەورۆزی پرسی سەرنەگرتنی پرۆژەی ئینسکلۆپیدیای کوردی لە ماڵپەڕی دیمانەدا بڵاوکردۆتەوە(1)، کۆمەڵێک خەڵکیش وەڵامیان لەسەر نوسیووە، زۆربەی وەڵامەکان نائومێدن و سەرگرتنی پرۆژەیەکی ئاوا بە نەزۆک دەزانن. هۆیەکانیش لە خودی کورد و کەسایەتی کورد دان نەک لەبەر هۆی دەرەکی. گەورەترین ئاستەنگیش لە ڕاوبۆچوونی هەموو ئەو بەڕێزانەدا پرسی نەبوونی زمانی ستانداردە.

ئەگەر چی رووێکی نەبوونی زمانێکی ستاندارد یەکێکە لە ئەنجامەکانی دابەشکردن و لەتلەتکردنی کوردستان و پاڵەپەستۆ دەرەکیەکانە. بەڵام رووە گرنگەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی مرۆڤی کورد و حەزە بچکۆڵە و ناوچەیی و خێڵەکی و خانەوادەیی سەرکردە و پارتە کوردیەکانە.

ئەمڕۆ لە باشووری وڵات شەڕە، نەک شەڕە تفەنگ، بەڵکو وەکو سیاسیە کوردستانیەکان دەڵێن شەڕی دەستوور و دانوستاندنەکانە. بۆیە دەبێ هەموو شتێک دوابخرێ تا ئەو شەڕە یەک لا دەبێتەوە. ئەو بیانۆیە هەمان بیانۆی ڕژێمە عەرەبیەکانمان دێنێتە بەر چاو، ئەوان لە مێژە هەموو پرۆژەیەکی گەشە پێدان و دیموکراسیەت و ئازادیەکانی مرۆڤ و ڕێگەنەدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و زۆر پرسی تریشیان دوا خستوون، چونکە لە سەنگەری شەڕی دوژمندان و دوژمن ئاستەنگە لەبەردەم هەموو خەون و ئارەزوەکانی میللەتەکانیان. تا ئەو ساتە وەختەش ئەگەر بە هەر عەرەبێک بڵێین "بە تایبەتیش لەسەر ئاستی کەسانی سەر بە ڕژێمەکان و هەموو ئەو وەچەیەش کە لەژێر کاریگەرییێکی ڕاستەوخۆی ئەو ڕژێمانە گەورەبوون و گەشەیان کردووە، یا وەکو خۆیان دەڵێن وەچەی شۆڕشن". بۆ لە دواوە ماون، ڕاستەوخۆ وەڵامیان ئامادەیە، ئەویش بوونی ئیسرائیل و ئەمەریکا و بە شێوەیەکی گشتیش رۆژئاوایە. ئەوەتا هەموو دەزگا حکومیەکانی هەرێم وەستێنراون بە هەنجەتی ئەوەی کە هەموو قورساییەکانیان خستۆتە بەغدا. ئەگەر پەرلەمانێک کە زمانحاڵی هەموو دانیشتوانی ئەو هەرێمەیە لەبەر پرسێکی دەرەکی ئاوا دوابخرێ، ئەی هەموو ئەو دەیەها پرسانەی کە تا هەنووکەش هەست بە بونیان ناکەین چونکە نەمان بوون. یەکێک لەو پرسە بە پەلانەش زمانی ستانداردە. بێجگە لە هەندێک نوسەر و ڕۆشنبیری کورد لەسەر ئاستی تاکە کەسی و لەسەر ئاستی یەک یا دوو ڕێکخراویش کام بەرپرس ئەو پرسەی وەئەستۆ گرتووە و کردوویەتی بە خەمی خۆی. بۆ کۆنفرانسی مۆزیکی کوردی یا گۆرانی کوردی سەرەتا لە هەولێر بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش ساز دەکرێ، دوا تریش بە هەمان شێوە لە سلێمانی بەڵام تا هەنووکەش ئەو دوو ئیدارانە نەیانتوانیوە کۆنفرانسێکی ئاوا کە چارەنووسی ئەو گەلەی پێوە بەند بووە ئامادە

بکەن؟؟ ئەگەر ئەوان نەتوانن کارێکی ئاوا ئەنجام بدەن چۆن پرسی ئینسکلۆپیدیای کوردی ئەنجام دەدرێ!!

کە بەرپرسەکان پێ لە جەرگی خۆیان نەنێن لە مینبەرەکانی بەغدا مومارەسەی بچوکترین مافی نەتەوەییان بکەن ئەویش زمانە، چۆن چاوەڕێی ئەو خۆپیشاندانە گەورەیە بکەین کە زمانی کوردی لە زمانی عەشایەری و ناوچەیی و کشتوکاڵی و دواکەوتووییەوە بباتە ڕیزی زمانە زیندووەکان و زمانی ستاندارد و زانیاریە سەردەمیەکان. دەبێ ئەوە بڵێین کە کۆششی تاکە کەسی و گروپی بچوک زۆرن، هەر یەکێک لە شوێنی خۆی هەڵپەیەتی شتێک بکات و چاوەڕێی کەس نەکات. بەڵام ئەو هەوڵانە ئەگەر چی لایەنێکی پۆزەتیفیشیان هەبێ ئەوا بێگومان لایەنی نێگەتیفیشی دەبێ. دواتر پرسی زمانیش وەکو زۆر پرسی تر دەبێتە گەڕە لاوژێ و کەس گوێ بۆ کەس شل ناکا. دامەزراندنی دەزگاییێکی نەتەوەیی بۆ زمانی کوردی تایبەت بە هەموو دیالێکتەکان و هێنانی خەڵکی پسپۆر بۆ کارکردن لەسەر هەموو ئەو پرسە زمانیانەی کە پێویستیان بە چارەسەری بە پەلەن، بە مەرجی ئەوەی ئەو جۆرە دەزگایەش نەبن بە دوو لەت یا زیاتر و ململانێی لەسەر دروست بێ.

ئەوەی تەماشای حاڵی هەموو ئەو نوسینانە بکات کە ڕۆژانە دەنوسرێن و بڵاودەبنەوە لە ڕێی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و هەتادوایی، بەزەیی بە حاڵی ئەو زمانەدا دێتەوە!! ئەگەر تەماشای زمانی ئاخافتنی زۆرێک لەبەرپرسە سیاسیەکانمان بکەین ئارەقەی شەرم بە نێوچاوانماندا دێتە خوارێ، ناچارین بڵێین ئۆخەی زۆر باشە بێگانە کەم ئاگایان لە زمانی کوردی هەیە و کەمووکورپیەکانمان نازانن، کە واش نیە!!

ئەمڕۆ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا پرسی زمان یەکێکە لەو پرسانەی کە بە ملیۆنەها ئۆرۆی بۆ تەرخان کراوە. زمان بووە بەیەکێک لە مەرجەکانی هاوڵاتی بوون. ئەوەی مەبەستی بێ ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتانە وەربگرێ دەبێ زمانەکەیان قسە بکات، بەڵکو ئەوەی بیەوێ لەو وڵاتانە جێگای ببێتەوە دەبێ مل بۆ زمانەکەیان کەچ بکات و فێری بێ. لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا و ئەڵمانیا بە زمانێکی بیانی قسە بکەی بە تایبەتیش ئینگلیزی کە زمانێکی نەک هەر جیهانیە بەڵکو ئەورووپیشە و ڕێژەی هەرە زۆری خەڵک دەتوانن قسەی پێبکەن بە تایبەتیش وەچەی نوێ، بەڵام بە دەگمەن نەبێ کەس ئامادە نیە بە زمانی بێگانە وەڵام بداتەوە یا بئاخفێ. ئەمەش هەمووی پەیوەندی بەوەوەیە کە زمان پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ دیاردەکات و بەشێکی هەرە گرنگی ئیدنتیتەی مرۆڤە.

بۆیە کە حاڵی زمانمان وابێ کێ دەتوانێ بیر لە ئینسکلۆپیدیایەک بکاتەوە کە ببێ بە گەنجینەیەک و سەرچاوەیەکی زانستی گرنگ و ساڵانە لێی زیاد بکرێ و تازە بکرێتەوە.

وەکو بەڕێز ڕێناس نەورۆزیش باسی کردووە، کە لەبەر جیاوازیە زمانی و کلتوریەکانی نێوان ئەو لیژنەیەی کە بۆ ئەنسکلۆپیدیای کوردی پێکهاتبوو هەوڵ و کۆششیان بوو بە بەفری بەهار و پێم وایە هەموو هەوڵێکی ئاواش بە هەمان نەخۆشی دەڕوات. ئەم جۆرە هەوڵانە دەبێ دەوڵەت میزانیەی بۆ دابنێت و خەڵکی شایستەی بۆ بانگ بکات و شوێنی تایبەتی بۆ ئامادە بکات، بۆ ئەوەی گرێنتی سەرکەوتنی مسۆگەر بکات. پرسی زمانی کوردی دواخستن و

دووبەرەکی هەڵناگرێ، پرسێکی بە پەلەیە و مانەوەی بە هەڵواسراوی بۆی هەیە هۆکارێکی گرنگ بێ بۆ قوڵکردنەوەی دووبەرەکی و درێژکردنەوەی ئەقڵی خێڵەکی و دوورکردنەوەی دیالێکتەکان لەیەکتر. لەسەر لیژنەی نوسینی ئەنسکلۆپیدیاش بوو کە بەو شێوە هەژاریە واز لەو پرۆژەیە نەهێنن و حکومەتەکانی هەرێم رووبەڕووی ئەو بەرپرسیاریە مێژوویە بکەنەوە، پاڵەپەستۆیەکی راستەخۆیان لەسەردابنابان بۆ ئەوەی چارەسەرێک نەک بۆ ئەنسکلۆپیدیا بەڵکو بۆ حاڵی شپرزەی زمانی کوردی دابنێن. ئەوسا دووچاری هەڵوەشانەوەی ئەو لیژنەیە نەدەبووین.

لەڕاستیدا ئەو پرسە و زۆر پرسی گرنگی تریش یەک خاڵی زۆر گرنگیان گەرەکە ئەویش بیرکردنەوەی عەقلی نەتەوە بوونە. گەورەترین هۆکاریش ئەگەر تاکە هۆکار نەبێ کە وای کردووە تا هەنووکەش زمانی کوردی ئاوا بە شپرزەیی و ئاڵۆزی بمێنێنەوە و سیماو رووخساری خێڵەکی زیاتر بەسەردا زاڵبن، کامڵ نەبوونی عەقلی نەتەوە بوونە. تا ئەمرۆش عەقڵی خێڵەکی زاڵە بەسەر بەشێکی زۆری بیرکردنەوەی سیاسی و لایەن و زۆرێکیش لە خەڵکی کوردستان.

(1)
http://www.dimane.com/index.php?subaction=showfull&id=1111082536&archive=&start_from=&ucat=11&do=show_news.php=

* لە دوا ژمارە 188ی هەفتەنامەی میدیا بڵاو بۆتەوە.